هەڵگۆرد

رۆژنامەیەکی گشتییە

کۆمەڵێک گەنج دوو هەفتە جارێک دەریدەکەن

ژمارە(٢٧)

شەممە ٢٠٠٧/١١/١٧



دەنگێک بۆ ئەوانەی دەنگیان نەبووە

دەنگێک بۆ ئەوانەی دەنگیان ناگات

ڕەنج سەنگاوی لەبارەی شیعر و ئەزمونی خۆی بۆ هەڵگۆرد دەدوێت.. ل ١٠

دکتۆر ڕەفیق سابیر لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی هەڵگۆرد باس لە چەندین پرسی گرنگ دەکات....لا ٦ و ٧

مەلا حەسەن لێپرسراوی مەڵبەندی ٣٧ ی ڕێکخستنی چۆمانی (ی ن ک) بۆ هەڵگۆرد دەدوێت....لا ٣

٢٥ کیلۆ گرام TNT دەستی بەسەردا دەگیرێت

■ عومەر قادر، پشدەر

جلیکانێکی بەنزین کە پڕ کرا بوو لە TNT لەلایەن هێزەکانی پاسەوانی سنور بەشی قەڵادزێ لە سەر سنوری ئێران– هەرێمی کوردستان لە ناوچەی زەڵێ دەستی بەسەردا گیرا. سەرچاوەیەک لە هێزی پاسەوانی سنور بەشی قەڵادزێ هەواڵەکەی بۆ هەڵگۆرد پشت ڕاشتکردەوە ووتیشی "جلیکانەکە ٢٥ کگم TNT لەناودا بوو تەوقیت کرا بوو بۆ ئەوەی بتەقێتەوە بە هاوڵاتیان یان هێزەکانی ئاساییش و پاسەوانی سنور" ئەوەشی ڕاگەیاند جۆری مادەکە C4 بووە کە ماددەیەکی کوشندە و ژەهراوییە، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لەناوچەکە ئەوەی بەدوور نەزانی کە ئەم دانانەوەیە لەلایەن ئێرانەوە بووبێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرچاوەکەی هێزی پاسەوانی سنور ووتی "هەرچەندە TNTیەکە لە سنوری ئێران بووە بەڵام ئێمە ناتوانین هیچ لایەنێک تۆمەتبار بکەین بەو کارە بەڵام ئێستا لێکۆڵینەوەکان دەستی پێکردووە".

"پەکەکە ئامادەی هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکانە"

"پەکەکە چەک دانانێت، چەک دانان مەحاڵە"

■ تایبەت بە هەڵگۆرد

لەکاتی هەرهێرشێکی تورکیا بۆ سەر قەندیل هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئامادەی تەواوی ڕووبەڕووبوونەوەکانی هەر هێرشێکن بۆ سەریان و چەک دانانیش بەمەحاڵ دەزانن.

لەگەڵ توندبوونی هێرشەکانی تورکیا لەباکور و هەڕەشەکانی زیاتری بۆ لەشکرکێشی بۆ قەندیل و پەیمانەکانی ئەمەریکا بە ئۆردوگان و نەرمی نواندنی سەرکردایەتی کورد هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش بەباشی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێگ ئامادە کردووە، سەرچاوەیەکی زانیاری پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەڵگۆردی ووت "ئێمە بۆ هەر کردەیەکی سەربازی کە بکرێتە سەرمان ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەین و هیچ باکیشمان بە هەڕەشەکانی تورکیا نییە" سەرچاوەکە لە دریژەی لێدوانەکەی بۆ هەڵگۆرد ئەوەشی ووت "پەکەکە چەک دانانێت، چەک دانان مەحاڵە، چونکە تورکیا دان بەمافەکانی کورد دانانێت" سەبارەت بە دوا گۆرانکاریەکانیش ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەم ماوەیە هەروەک چۆن ئەمریکا پەیمانی پێدانی زانیاری سیخوڕی داوە بە ئۆردوگان لەم ماوەیەدا چەند جارێک فڕۆکەی سیخوڕی ئەمریکی بینراوە لەو دەڤەرەدا، سەرچاوەکە تەنها هیوای ئەوەی خواست کە حکومەتی هەرێم هاوکاری تورکیا نەکات لەکاتی هاوکاری کردنی هەرێم بۆ تورکیا کورد زەرەر دەکات، ئەو سەرچاوەیەی پەکەکە ئەوەی ڕاگەیاند کە "گەمارۆ خراوەتە سەر هەرێمەکەی ژێر دەستیان و خواردن و سووتەمەنیان پێناگات و ئاستەنگیش بۆ خەڵکەکە دروست کراوە کە ناتوانن پێداویستەکانی خۆیان جێبەجێبکەن و لەلایەن خاڵەکانی پشکنینی سنوری ڕانیەو قەسرێ و گۆجارێ ئاستەنگی زۆریان بۆ دروست دەکرێت" سەرچاوەکە هێرشی تورکیای بەستەوە بە ڕازیبوونی حکومەتی هەرێم بە ڕێدان بە هاتنی تورکیا ئەوەشی دووپاتکردەوە کە چەندە مەبەستییان پەکەکەیە ئەوەندەش لەناوبردنی ئەزمونی بەشەری کوردستانە

دوو ملیۆن دینار لە سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان دیار نامێنێت

لەسەر ڕێکنەکەوتنی کەسانی بالاّ دەست، گەڵاڵە بێ بەڕێوەبەری ناحیەیە

■ تایبەت بە هەڵگۆرد

سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان جارێکی تر تووشی کێشە بووەوە سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان دوای گۆڕینی لە بەندیەوە بۆ هەڵگۆرد ئەم هەفتەیە هەڵگۆردیش گۆڕاو بوو بە پڕشنگ پیرۆت و دوو ملیۆن دیناریش دیار نییە.

عەبدەلڕەزاق ناوەندەیی ڕایگەیاند "پڕشنگ پیرۆت بە کۆی دەنگ بووە سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان" سەرچاوەیەکی زانیاری ئەوەی بۆ هەڵگۆرد ئاشکرا کرد کە ئەم گۆڕانکاریانە دوای کێشمە کێشمێکی زۆر بوە کە دواجار بەندی ناچارکراوە دەست لە کاربکێشێتەوە، عەبدەلڕەزاق ناوەندەیی تەنها هەواڵی بوونی پڕشنگ پیرۆتی بەسەرۆکی سەنتەرەکە پشت ڕاستکردەوەو ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێکی تر بدات، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کێشەکان ئەوەی بۆ ڕۆژنامەی هەڵگۆرد ڕوونکردەوە کە لەسەردەمی بەندی دوو ملیۆن دینار دیارنەماوە و بەندیش لەکاتی دەست لەکارکێشانەوەکەی سەدوپەنجا هەزاری وەرگرتووە بەڵام بەندی ڕەسول سەرۆکی پێشووی سەنتەری ڕۆشنبیری ئەو هەواڵانەی بە درۆ خستنەوە و ئەوەشی دووپاتکردەوە کە "لە مانگی ئۆکتۆبەرەوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندووە" و ووتیشی "ئەوەی من دەڵێم سەداسەدە و ئەوەی تر هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە"

■ مستەفا محەمەد

ماوەی سێ مانگە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گەڵاڵە بێ بەڕێوەبەرە و لەسەر ڕێکنەکەوتنی کەسانی بڵاّدەستی حیزبی ناوچەکە تا ئێستا نەتوانراوە بەڕێوەبەرێک لە شوێنی بەڕێوەبەری پێشوو دابنرێت و ئەمەش بۆتە هۆی سستی بەڕێوەچوونی کارەکان و ناڕەزایی خەڵکی دەڤەرەکە.

دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٩ بەڕێوەبەری ناحیەی گەڵاڵە حاجی کافی گواستراییەوە بۆ ناحیەی باسرمە ، تاکو ئێستا ماوەی سێ مانگە ناحیەی ناوبراو بێ بەڕێوەبەرە لەجێ ی ئەو ملازم خۆشەوی بەڕێوەبەری پۆلیسی ناحیەیەکە کاروباری ناوچەکە بەڕێوە دەبات، ئەمەش گرفتی بۆ هاوڵاتیان دروستکردووە و هاوڵاتیان پێیان وایە بەهۆی کەمی شارەزایی بەڕێوەبەری پۆلیس لە کاروباری ناحیە بۆشایی ئیداری گەورە دروست بووە و بۆتە هۆی سستی بەڕێوەچوونی کارووباری هاوڵاتیان. سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە هەڵگۆردی ڕاگەیاند "دواکەوتنی دانانی بەڕێوەبەرێکی نوێ بۆ ناحیەکە بەهۆی هەبوونی چەند پاڵێوراوێکە لەیەک کاتدا چەندان پاڵێوراو هەن بۆ پۆستەکە لەلایەن کەسانی باڵادەستی ناو پارتی دیمۆکراتیەوە" لەم بارەیەوە قائیمقامی قەزای چۆمان عەبدولواحید گوانی ئەوەی بۆ هەڵگۆرد ئاشکراکرد کە "هەندێک کێشە هەبوو لە دانانی بەڕێوەبەرێکی نوێ بۆ ناحیەکە بەڵام کێشەکان چارەسەر کراون وەک من ئاگادار بم هەرچەندە بەفەرمی هیچ مان پێنەگەییشتووە" ئەوەشی دوپاتکردەوە کە "کارکردنی ناوبراو یاساییەو شارەزایی هەیە لە کارەکەیدا چونکە پێشتر لەبەر دەستی بەڕێوەبەری ناحیە کاری کردووە"

ناونیشان: چۆمان.شەقامی گشتی. تەنیشت بانکی چۆمان ژمارەی مۆبایل ٠٧٥٠٤٧٢٥٧٧٦ - ٠٧٥٠٤٦٨٢٩٨٣ نرخی٢٥٠ دینارە تیراژ: ٢٠٠٠ دانە